ئەنجوومەنی وەزیران: حکومەتی هەرێم ئامادەیە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، بە سەرپەرشتی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی و بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کۆبووەوە.

لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، ئەنجامی گفتوگۆی هاوبەشی نێوان وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵ و شاندی هەرێم لە ڕۆژانی 11/ 12-13 سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکوەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکانەوە خرایەڕوو.

سەرۆکوەزیران جەختی لەوە کردەوە، کە لە چوارچێوەی دەستوور و ڕەزگرتن لە دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم ئامادەیە لە زووترین کاتدا، پرسەی هەناردەکردنی نەوت دەست پێ بکاتەوە و هیوادارین لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵیش پێڵە بکەن لە تەواوکردنی ئامادەکارییەکانی دەستپێکردنەوەی پرسەکە.